ئیتر ئەوە جەنگە

چیرۆکی لاوە ئازاکانی هەڵەبجە

کلاوس کۆردۆن

لە ئەڵمانییەوە: عەبدولغەنی کاکۆ

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئیتر ئەوە جەنگە

چیرۆکی لاوە ئازاکانی هەڵەبجە

کلاوس کۆردۆن

لە ئەڵمانییەوە: عەبدولغەنی کاکۆ

ئیتر ئەوە جەنگە

چیرۆکی لاوە ئازاکانی هەڵەبجە

کلاوس کۆردۆن

لە ئەڵمانییەوە: عەبدولغەنی کاکۆ

ناوی کتێب | ئیتر ئەوە جەنگە
نووسەر | کلاوس کۆردۆن
وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە| عەبدولغەنی کاکۆ
دیزاینی بەرگ و تێکست | کەیوان قادری
وێنەکان| حەمە هاشم
چاپ | یەکەم 2023
چاپخانەی کارۆ /سلێمانی
تیراژ |500 دانە
نرخ|2000 دینار

لە سەر ئەرکی بەڕێز ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە چاپکراوە

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە و بە بێ ڕەزامەندی وەرگێڕ هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نیە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە جا ئەگەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی یان هەر شێوازێکیتری لەبەرگرتنەوە بێت

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (١٥٩٨)ی ساڵی (٢٠٢٣) پێدراوە.

ئیتر ئەوە جەنگە

کلاوس کۆردۆن

وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە

عەبدولغەنی کاکۆ

سەرنجێکی پێویست

نووسەری ئەم چیرۆکە ناوی کلاوس کۆردۆنە.

کلاوس کۆردۆن رۆماننووسێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە، ساڵی ١٩٤٣ هاتۆتە دونیاوە. چەندین رۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە کە ژمارەیان لە ٩٠ کتێب تێدەپەڕێ. زۆر بایەخی بە رۆمان و چیرۆکی لاوان داوە، زۆر شتی بۆ منداڵانیش نووسیوە بۆیە لای نەوەی نوێی ئەڵمانی زۆر ناسراوە.

کلاوس کۆردۆن لەو چیرۆکەدا لە کۆمەڵێک منداڵ و لاوی هەڵەبجە دەدوێ، کە لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دا تووشی چ دەردەسەرییەک دەبن و چەند قارەمانانە رووبەرووی ئاستەنگەکان دەبنەوە. لەو چیرۆکەدا کارەساتی هەڵەبجە بە کۆڕەوەکەوە گرێ دەدات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، نووسەر (وەک لە خۆییم

بیست) هەتا بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکەو دواتریش، هەرگیز کوردستانی نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەهۆی ڕژێمی لەناوچووی سەددامەوە بەشێوەیەکی واقیعی لەم چیرۆکەدا بەرجەستە کردووە. لەسەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو، لەوکاتەی کارەساتی هەڵەبجە و مەینەتییەکانی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان بووبوونە گەورەترین بابەتی میدیاکانی دونیا، ئەو هەواڵانەی ئەوکاتە بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە، دیارە هەر هەڵەیەک لەناو ئەم چیرۆکەدا هەستی پێ بکرێ سەرچاوەکەی لە هەڵەی تێڕوانینی میدیاکانی ئەوکاتەوە سەرچاوەی گرتووە. یەکێک لەو تێڕوانینە هەڵانەی لەو کاتەدا دەبیسترا ئەوەبوو کە خەڵکی هەڵەبجە بەهۆی لایەنگرییان بۆ ئێران لەشەڕەکەدا کەوتبنە بەر ئەو هێرشە دڕندانەیە. کە ئەوە تێڕوانینێکی زۆر هەڵەیە و خەڵکی ئاشتیخوازی ئەو شارە هەرگیز نەبوونەتە تەرەف لە شەڕێکی ئاواماڵوێرانکەردا، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەیە کە سەددام بەردەوام هێرشی دڕندانەی بۆسەر خەڵکی ئازادیخوازی کورد دەکرد، هەموو کەسێک لە دڵەوە ئەوەی پێخۆش بوو کە ئەو دوژمنە بکەوێتە بەر زەبری دوژمنەکەی خۆی، بەڵام ئایا دەکرێ لە بەرامبەر هەستێکی وادا لەڕێگەی تاوانێکی ئەوها قێزەوندا تۆڵە لەخەڵکی بێتاوان

بکرێتەوە؟ ئەو تاوانە هێندە گەورەیە کە هەتا دونیا ماوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا جێگەی شەرمەزارییە. هەر بۆیە من خۆم لەو ڕستەیەی کە لەژێر کاریگەری تێروانینە نادروستەکانی ئەو کاتەدا پەڕیونەتە ناو چیرۆکەکە بوارد. چونکە من لە تێروانینی مرۆڤدۆستانەی نووسەردا دڵنیابووم و زانیم ئەو بە نیازی دەربڕینی هاوخەمی لەبەرامبەر نەهامەتییە سەختەکانی خەڵکی کوردستان ئەم چیرۆکەی نووسیوە. گرنگترین شتی ناو ئەم چیرۆکە بەلای من هەر ئەوەنییە کە چۆن ئاماژەی بە کارەساتەکانی هەڵەبجەو کۆچڕەوەکە داوە، بەڵکو گرنگییەکە ئەوەیە کە نووسەر هاتووە ماهییەتی ئاشتیخوازانەی مرۆڤی کورد نیشان دەدات ئەوە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤی کورد هەرگیز شەڕخواز نەبووە بەڵکو لەپێناوی مافی ڕەوای خۆی بۆ سەربەخۆیی شەڕی بەسەردا سەپێندراوە. هەر ئەم خاڵەش بوو وای لێکردم چیرۆکەکە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. لە وەرگێڕانەکەشدا هەوڵم داوە خۆم لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بپارێزم و بە چەشنێک دایبڕێژمەوە کە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی کوردییدا بگونجێت.

نووسەر لە کۆتایی ئەم چیرۆکەدا ڕوونکردنەوەیەکی دەربارەی مێژووی ئەو ڕووداوە بۆ خوێنەران بڵاو کردۆتەوە، تا بە ئاسانی بتوانن لە چیرۆکەکە بگەن، منیش حەز دەکەم وەک خۆی لە کۆتایی چیرۆکەکەوە

پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی بکەم. لێرەشدا سوپاسی تایبەتیم هەیە بۆ هونەرمەندی شێوەکار مامۆستا حەمە هاشم، کە بەو هێلکارییە جوانانەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی ڕۆشنتر کردەوە.

عەبدولغەنی کاکۆ

ئەڵمانیا

ئیتر ئەوە جەنگە

چیرۆکی لاوە ئازاکانی هەڵەبجە

لەپشت گردەکەی سەر ئەو ڕێگایە، خۆیان حەشار داوە، کە بۆناو شاخ و داخەکان دەڕوات. چاویان بڕیوەتە ئەو ئاراستەیەی کە دەبێ زیلەکەی لێوە بێ.

جەبار سوێندی بۆ خواردوون، کە هەموو ڕۆژێک لەو کاتانەدا زیلەکە بیرەدا تێدەپەڕێ. ئێستاکە تەنیا دەبێ بەخت یاوەریان بێ.

ئەحمەد لە بێزارییان دەستی خۆی گرمۆڵە دەکات. ڕۆژێکی زۆر وشک و گەرمە. هەوا لەو گەرمی نیوەڕۆیەدا داخ بووە. ئەوان تەنیا ئەو

کاتـەدا زیلەکـە دەناسـنەوە کـە لێیانـەوە نزیـک ببێتـەوە.
حەسـەنی بچکۆڵـە بـە ئەسـپایی سـیخورمەیەک لـە ئەحمـەد دەدا «دەبـێ بەهـرە نەترسـێ؟»
ئەحمـەد سـەیری بەهـرەی بچکۆڵـە دەکات، کـە لەخـوارەوە خـۆی خسـتۆتە سـەر ڕێگاکـە، دەسـتەکانی لەخـۆی دوور خسـتوونەتەوە وەک ئـەوەی بیـەوێ بیانگەیەنێتـە چەنـد بەردێکـی سـەر ڕێگاکـە کـە لـەلای ڕاسـت و چەپییـەوە کەوتـوون. سـەری بـە جۆرێـک خسـتۆتە سـەر چـەوی ڕێگاکـە کـە ڕووی لـە شـاخەکانەوە بێـت.

بەهـرە تەنیـا ئەوکاتـە هەسـتی بـە هاتنـی زیلەکـە دەکـرد، کـە دەنگـی ببیسـتێ. ئـەوەش بـە مەبەسـت بـوو. ئـەم نەیدەویسـت بـە هـۆی چاوترووکاندنەکانییـەوە کارەکـە لـە خـۆی تێـک بـدات.

هەرکاتـێ زیلەکـە بێـت و لای بوەسـتێ، ئـەوا سـەربازەکان تەنیـا پشـتی سـەری دەبینـن.

ئەحمـەد لـەو باوەڕەدابـوو کـە بەهـرە دەترسـێ.

تەنیـا ئەوانـەی دەترسـن، دەتوانـن ئـازا بـن.

«ئـەوە چیـە؟» جەبـار هەسـتی کـرد ئەحمـەد بەشـێوەیەکی کتوپـڕ دەلـەرزی

«ئەوە چییە دەڵێی لەبیرت چووە؟»

نەخێـر ئەحمـەد هەرگیـز لەبیـری نەچـووە. ئـەم هەمـوو کاتێـک ئـەو وێنەیـەی هەڵەبجـەی دێتـەوە بەر چاو، کە بەر لەسێ سـاڵ لەکاتی گەڕانـەوەی بـۆ هەڵەبجـە بینیبـووی.

مـام عەبدول ئەمـی ئاگادار کردبووەوە کە کاری وانـەکات. ئـەم تـازە دوانـزە سـاڵان بـوو، هێشـتاکە زۆر بچـووک بوو، هـی ئـەوە نەبوو شـارەکەی بە کاولکـراوی ببینـێ.

بەر لەهەموو شتێ دەبووایە چیرۆکی خەڵکە رزگار بووەکە بەبیر خۆی بێنێتەوە کە بەسەرهاتی زۆر ناخۆش بوون. سەرەڕای ئەوانەش ئەحمەد گەڕایەوە شارەکە. سێ ڕۆژان بە پێ ڕۆیشت، چاوی بەو ڕێگا خاپوور کراوانە کەوت کە ئەم چەند رۆژێک پێشتر بەسەریاندا دەڕۆیی بۆ قوتابخانە، یان بەو ڕێگایانەوە سەردانی هاوڕێکانی دەکرد. هەر لە هەمان کاتدا چاوی بەو بڵدۆزەرانە کەوت کەشارێکی ئاوەدانییان وا لێ دەکرد وەک ئەوەی بەر بوومەلەرزە کەوتبێ، هەتا دەهات لەناخی

خۆیدا سـارد دەبـووەوە.

«لەبەرچی؟»

بەردەوام تەنیا لەخۆی دەپرسیەوە:

« لەبەر چی؟»

بـەڵام مـام عەبدول ڕاسـتی دەکرد. بەڵێ ئەوانـەی ڕزگاریـان ببو ناخۆشـترین شتیان دەگێڕایەوە:

ئەو خەڵکە بەبێ ئـەوەی پێشـتر ئاگادار بکرێنـەوە، بەشـێوەیەکی کتوپـڕ شـارە بچکۆلەکەیـان بـە چەکی کیمیایی بۆردومـان کرا. پێنج هـەزار مرۆڤ بـە گازی ژەهـراوی لەناوچـوون، ژمارەیەکـی زۆر لەوانـە منـداڵ بـوون. زۆر لـە دایـک و باوکـەکان خۆیـان بەسـەر منداڵەکانیـان دادەدا تـا جەسـتەیان لـەو ژەهـرە بپارێـزن، بـەڵام ئەوانیـش لەگـەڵ منداڵەکانیـان بەیەکـەوە دەمـردن.

ئەحمەد دەیزانی، کە ماڵەوەیان ڕزگاریان نەبووە، بەڵام نەیدەتوانی هەر وا بە ئاسانی بڕوا بکات، هەرچەندە مام عەبدول ئەو کات ئەو هەواڵەی پێ گوتبوو، بەڵام نەیدەتوانی بڕوا بکات کەوا دایک و باوکی، خوشک و براکانی، داپیرەو باپیرەی هەر هەموویان لەناوچوون.

«هیچ یەکێک لەوان نەماون؟ ئەوە شتێکە جێگەی بڕواپێکردن نییە. شتێکە هێندە شێتانە دێتە بەرچاو، وەک ئەوەی مرۆڤ بێنێتە پێکە نین! »

هەڵبەتە ئەم پێنەدەکەنی چونکە دەیزانی هەواڵەکە ڕاستە. بەڵام ئەم جارێ ئەو ڕاستییەی بەلاوە نابوو، جارێ نەیدەویست بڕوا بکات.

ئەحمەد وەک سێبەرەکەی خۆی لەنێوان کەلاوەکاندا هەڵکوڕمابوو، بەردەوام ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکردەوە:

«چۆن کرا شتێکی ئاوا بقەومێ؟ هێزەکانی سەددام لەسەر چ بناغەیەک ئەو کارەیان کرد؟»

هیچ وەڵامێکی نەدەدۆزیەوە. هیچ هۆیەکی ماقووڵ بۆ کردنی تاوانێکی وەها گەورە لە ئارادا نەبووە. ئەو کەسە رزگاربووانەی ئەم پرسیاری

لێکردبوون وەڵامیان دابووەوە:
«سەددام شەیتانە. دەبێ چی باشی لێ چاوەڕوان بکرێت؟»
هەندێکی تر پێیان گوتبوو:
«چونکە ئێمە کوردین، بۆیە ئەو پیلانەی بۆ دارشتین. ئەو ڕقی لە ئێمەیە، ئەمە هۆیەکەیەو برایەوە«
هەندێکی تریش پێیان گوتبوو:
«چونکە ئێمە دژی ئەوین، بۆیە دەیەوێ لەناومان بەرێت، بەڵام ئەگەر ئەو بەم جۆرە مامەڵەمان لە گەڵدا بکات، چۆن دەکرێ ئێمە لە دژی نەوەستین؟»
لەوکاتەدا جەنگ لە دژی ئێران لە ئارادابوو. جەنگێکی درێژخایەن. ئەو جەنگە کاتێ دەستی پێکرد کەوا ئەحمەد هێشتا زۆر بچووک بوو. بۆیە هەتا ماوەیەکی زۆر ئەم وای دەزانی جەنگ شتێکی ئاساییە. ئەگەر دایک و باوکی باسی سەردەمی پێشانیان بۆ بکردبووایە، کە جەنگی تیا نەبووە، ئەم وەکو ئەفسانەو هەقایەت دەهاتە بەرچاوی. زۆر جار هەوڵی دەدا سالانی پێش لەدایک بوونی خۆی بێنێتە بەرچاو، ئەو ڕۆژگارەی کە دەنگ وباسی کوژرانی سەربازانی

تێدا بڵاو نەدەکرایەوە. هەڵبەتە نەیدەتوانی ئەمە بێنێتە پێش چاو لەهەمان کاتیشدا لە جەنگەکە نەدەگەیشت. ئەم لە عێراق ژیابوو، عێراق لە دژی ئێران پێشڕەوی جەنگی دەکرد. هەڵەبجەییەکان لەوڵاتی خۆیاندا دەچەوسانەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەم لە هیچ لەو شتانە تێنەدەگەیشت، لەوکاتەدا چۆن بوو ئەم هەر وای وەرگرتبوو.

«ئەوەتا»

حەسەنی بچکۆڵە دەبوایە زۆر لەخۆی بکات تا دەنگی زۆر دەرنەچێ:

«ئەوەتا هات»

گەنجەکانی تریش تۆزی زیلەکە بەدی دەکەن. بە بێ ئارامی خۆیان بۆ ئامادە دەکەن. هەندێکیان هێندە بە حەماسەوە لە پشتی تاشە بەردەکانەوە لەسەر ئەژنۆ هەڵتووتاون وا دێنە بەر چاو وەک ئەوەی پێویست بکا تاشە بەردەکانی بۆ ڕابگرن. هەندێکی تریشیان، بەتایبەتی بچووکەکانیان بەدڵ پێیان خۆشە هەر ئێستا بەرەو ڕووی زیلەکە بڕۆن.

«بێدەنگ بن» جەبار بە هەڕەشەوە دەچرپێنێ:

«تکایە زۆر بێدەنگ بن، وا خەریکە هەموو شتێ

وەک پلانەکە بەڕێوە دەچێ، هاکا زیلەکەمان لێخوڕی. لەوانەیە زیلەکە بەتانیشی تێدا بێت»

ئەو بەچەشنێک قسە لەگەڵ گەنجەکان دەکا، وەک ئەوەی وشترێکی چەمووش دەستەمۆ بکات. حەسەنی بچکۆڵە کە لە خۆشییان دانەچۆقەی پێکەوتووە دەڵێ:

«لەوانەیە ئەمەی دەبێ ئێستا بیکەن، تەنیا یارییەک بێت ها؟»

گەنجەکانی تر بە حەماسەتەوە دەڕواننە دوور. ئەوان دەزانن ئەوەی روودەدا گاڵتە نییە.

ئەحمەد بە خێرایی دەڕوانێتە دواوە، سەیری ئەو تاشە بەردە دەکات کە ژن و منداڵەکان خۆیان لە پەنایەوە شاردۆتەوە. زۆربەیان چیتر ناتوانن بەپێ بڕۆن و ڕێگاکەش هێشتا زۆری ماوە بۆ سنووری تورکیا. جگە لەمەش هەتا بەرەو سەرەوەتر بۆ ناو شاخەکان بڕۆن دنیا ساردتر دەبێ. بەبێ خۆراک و بەتانی ئەو پیادەڕۆییە سەرناگرێ. زیلەکە لەهەموو شتێ گرنگترە، ئەگەر ئەوان ئەم زیلەیان دەست بکەوێ، کارەکە خێراتر دەبێ.

حەسەنی بچکۆڵە دەچرپێنێ:

«بەڵام بەهرە ئازایە»

ئەحمەد جارێکی تریش دەڕوانێتە بەهرە. کە هەرچەندە ماوەیەکیشە گوێی لە دەنگی زیلەکەیە. بەڵام وەک مردوویەک لەسەر ئەو رێگا شاخاوییە خۆی بە زەوییەکە داداوە. بەڕاستی بەهرە زۆر ئازابوو. کاتێ جەبار وتبووی واباشە کچۆڵەیەک لەسەر ئەو ڕێگایە خۆی بخاتە سەر زەوی، بەهرە یەکسەر خۆی هێنابووە پێشەوە. کچۆڵەیەک کەمتر گومانی لێدەکرێ. سەرەڕای ئەوە ڕەنگە سەربازەکان بەبینینی کچۆڵەیەک بیرێکی تەواو جیاوازیان بۆ بێ، کەوایان لێ بکات زیلەکە ڕابگرن.

ئەحمەد بە شلەژاوییەوە دەمانچەکەی بەر پشتێنی دەردێنێ. هەموویان چەکیان پێنادرێ، ئەوان خۆیان چەکیان کەم پێیە، ئەگەر یەکێک چەکێکی پێبدرێ ئەوە وەکو ئەوە وایە کە نیشانەی ئازایەتی لەلایەن جەبارەوە پێ بەخشرابێت. ئەحمەد دەیزانی کە ئەوە مانای وایە لەکاتی پێویستدا دەبێ ئەو چەکە بتەقێنێ و ئامانجەکە بپێکێ، لەپێشدا ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بڕیبووەوە. بەبێ دەنگییش هیوای دەخواست کە شتی وا ڕوونەدات.

جەباریش شێنەیی و ئارامییەکەی پێشتری

نامێنێ، فیشەکدانەکەی کە بە پانی لەسەر سینگی بەستوویەتی دەسووڕێنێتەوەو دەمانچەکەی بەرزتر دەکاتەوە:

«ئاگادار بن!.. ئەوە مانای وایە ئێستاکە دەقەومێ»

ئەحمەد جارێکی تریش سەیرێکی بەهرە دەکاتەوە. ئێستاکە زیلەکە کەمێک نزیکتر بۆتەوە، بەڵام بەهرە خۆی لە گووره نابات. زیلەکە ناتوانێ خۆی لە بەهرە لابدات، چونکە لای چەپی ڕێگاکە خەرەندەو لای ڕاستیشی ڕەوەزە شاخێکە بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە. زیلەکە یان دەبێ بوەستێ یان بەسەر کچۆڵەکە بکەوێ.

دەنگی هۆڕنێکی بەرز کش و ماتییەکە دەشکێنێ.
سەربازەکانی ناو زیلەکە بەهەرە بەدی دەکەن و لێخوڕینەکەیان هێواش دەکەنەوە. بەهەرە پەنجەیەکی خۆیشی ناجوولێنێ.

زیلەکە ڕۆیشتنەکەی هێواشتر دەکاتەوە، شوفێرەکە هۆڕنێکی قایمتری بۆ لێدەدا. حەسەنی بچکۆڵە لە ترسان پشووی سوار دەبێ، ئەحمەد هەست دەکا کە چۆن دەمی وشک دەبێ:
«باشە ئەی ئەگەر شوفێرەکە هێندە بێویژدان بێ وەک چۆن باسی بێویژدانیی سەددام دەکەن و پێ لە بەهەرە بنێ؟ یان هەست بە شتێک بکات و لەترسان ئیستۆپ نەگرێ؟»

زیلەکە کەمێکی تریش هێواش دەکاتەوە، بەلام ناوەستێ، هەر بە دەنگی زل هۆڕن لێدەداو، هۆڕن لێ دەدا.
«بوەستە هەی دایک قەحبە« جەبار دەچرپێنێ
«دە بوەستە ئیترا!»
مستەفای ڕەقەڵە دەمرڕێنێ:

«ئەگەر نەوەستیّ پێستەی لە لەشی دادەماڵم»
ئەحمەد برۆ شێوە سێگۆشەییەکانی مستەفای وا دێتە بەرچاو کە لە ڕق و توورەییان بە جۆرێک دێنەوەیەک وەک ئەوەی لە تەختی نێوچەوانی بەرزتر ببنەوە.
حەسەنی بچکۆلە چیتر قسە ناکات، تا دێ دەنگی هەناسەسوارییەکەی بەرزتر دەبێتەوە.
«بێدەنگ بە!» ئەحمەد بە چرپەوە بە مستەفا دەڵێ:
«بێدەنگ ! ئەوان وەختە گوێیان لێ بێ»
لێرەوە حەسەن بێدەنگ دەبێ. نیگا پڕ لەبەزەییەکانیشی زیاتر ئاڕاستەی بەهرە دەکات. تەنها ماوەی چەند مەترێکی کەم لە نێوان کچۆلەکەو تایە زلەکانی زیلەکەدا ماوە، بەڵام بەهرە شێوەی ڕاکشانەکەی خۆی ناگۆڕێ. لەکاتێکدا دەم وچاوی هەردوو سەربازەکەی ناو زیلەکە دەناسرێنەوە.
سەربازەکان بە ئەسپایی، لەناو زیلەکەوە دیقەت دەدەن، وەک بڵێی ئاگاداری ئەوە بن، بەڵام ئەوە نەزانن کە لەوانەیە خۆیان تووشی شتێک بکەن.
لەپشتەوەی دانەپۆشراوی زیلەکە، کۆمەڵێک

کارتۆن لەسەر یەک دانراون، دوو بەرمیل و سەندوقێکی گەورەش دەبینرێن.

«بوەستە» حەسەنی بچکۆڵە دەپاڕێتەوە:

«دە بوەستە ئیتر»

کاتێ دووسەربازەکەی ناوزیلەکە هەست بە وشەکانی حەسەن دەکەن، زیلەکە بەڕاستی لە دووری تەنها دوو مەترەوە لە بەهرە دەوەستێ. گەنجەکانی پشت تاشە بەردەکە هەناسەی خۆیان ڕادەگرن و جەباریش لوولەی دەمانچەکەی دەخاتە سەر قەراخی تاشە بەردەکە. هەڵبەتە هەردوو سەربازەکە بەیەکەوە دانابەزن، بەڵکو سەرەتا یەکێکیان دادەبەزێ، ئەم دەبێ ئەویان بپێکێ، بەر لەوەی بۆ ناو زیلەکە بگەڕێتەوە. ئەم دەبێ ئەوە بکات، یان ئەگەر بۆی بلوێ هەردووانیان بەیەکەوە بپێکێ.

بەڵێ هیچ یەکێ لە دەرگاکانی زیلەکە ناکرێنەوە، کەسیان زیلەکە جێناهێڵێن، تەنیا لەخوارەوە هەر هۆڕن لێدەدەن و هۆڕن لێدەدەن، بە دووربینەکانیان سەیر دەکەن و چەکەکانیان بە دەستەوە دەگرن.

مستەفای ڕەقەڵە لە تووڕەییان دەلەرزێ:

«هەی بێ مێشکینە، ئەگەر ئەو منداڵە لەهۆش

خۆی چووبێ یان مردبێ پێم نالێن چۆن دەتوانێ گوێی لە دەنگتان بێ؟»

مستەفای ڕەقەڵە ئەو ڕۆژە هێندە ئەو قژەی لادابوو کە دەهاتەوە سەر نێوچەوانی، وەک ئەوەی هەموو تاڵە مووەکانی لە کاتی نیشانە گرتنەوەدا بێزاری بکەن.

سەرئەنجام سەربازی تەک شۆفێرەکە سەری لە پەنجەرەی زیلەکە دەردێنێ و بە گومانەوە لە خۆی دەڕوانێ:

«هێی لەگەڵ تۆمە« بە دەنگێکی نووساوەوە بەسەر بەهەرەدا هاوار دەکا:

«هەڵسەوە! ئێمە ئەو فیلانە دەزانین» پاشان سەربەرز دەکاتەوەو ڕووەو شاخەکان دەنەڕێنێ:

«لیمانگەڕێن تێپەڕین، ئێمەش هەقمان بەسەرتانەوە نیە! تێگەیشتن؟»

جەبار بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنێ، «ئەمانە نازانن»

ڕوو لە گەنجەکان دەکات و دەچرپێنێ: «ئەمانە تەنیا بەردەکان سەرەوگێڕ دەکەن تا بزانن چییان لەژێر دایە« ئینجا ڕوو بۆلای سەربازەکان وەردەگێڕێ و بەدەنگێکی نزم دەڵێ:

«چیتر کات بەفیڕۆ مەدەن، باشتر وایە ئێستا

هەردووانتان بێنە خوارەوە، ئیتر کارەکە تەواو دەبێ.»

جەباریش خەڵکی هەڵەبجەبوو، لەگەڵ کیمیاباران و کارەساتی شارەکەدا ژیابوو. دەوری چوار مانگێک دوای کارەساتەکە، سەری لە دێیەکەی مام عەبدول دابوو، لەوێ چی لە هەڵەبجە ڕووی دابوو هەمووی بە وردی گێڕابووەوە. ئەحمەد هەتا ئەوکاتە نەیتوانیبوو هیچ لەو بارەیەوە بدوێ، تەنها لە کێڵگەکە یارمەتی مام عەبدولی دەداو هیچ قسەیەکی نەدەکرد. مام عەبدول گەلێک جاران بەسەریدا دەیبۆڵاند:

«تۆ شێت دەبیت، لاڵ دەبیت ئەگەر ئەو شتانە زیاتر لە دەروونتدا پەنگ بخۆنەوە»

کاتێ جەبار بیستبووی ئەحمەدیش خەڵکی هەڵەبجەیە، پرسیاری لێکردبوو ئینجا ئەحمەد توانیبووی لەوبارەیەوە قسە بکات.

جەبارو ئەحمەد دەبنە دوو برادەری ڕاستەقینەی یەکتری. جەبار مامۆستایەکی گەنجی ڕیشپڕە، خاوەن ڕوخسارێکی بیرمەندانەیە. ئەحمەدیش گەنجێکی بێکەس و بێ خانەوادەیە. بەدرێژایی سێ ساڵان ئەمانە هەر باسی هەڵەبجەیان بۆ

یەکتری دەکرد، جێگاو ڕێگاکانیان بە بیر خۆیان دەهێنایەوە، تەنانەت ناسیاوە هاوبەشەکانیان بۆیەکتر ئاشکرا دەبوو. ئەو دووانە وەک بڵێی ببوونە وڵاتی دووەم بۆ یەکتری.

«تۆ لەجێگەی هەموو خوشک و براکانمی»

جارێکیان جەبار بە ئەحمەدی گوتبوو» کاتێ تۆ دەبینم هەڵەبجەم بیر دەکەوێتەوە« ئەمانە لەو سێ ساڵەدا بەردەوام خەونیان بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێک بێت سەدام تۆڵەی لێبکرێتەوە. پاش هەموو ئاخاوتنێک جەبار دەیگوت:

«تەنیا چاوەڕێ بکە ئەحمەد گیان! ڕۆژێک دێت ئەو ئەهریمەنە نەگریسە دەتۆپێنرێ و ئێمەش سەربەخۆیی وەدەست دێنین، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئێمە لەڕێگای ئازادییەوە مردوون، هەر دە بێت ڕۆژێک ئازادی بەدەست بهێنین»

کاتێک عێراق کوێتی داگیر کرد و بەو هۆیەوە حاجی بۆش و ئەمریکا پەلاماری عێراقیان دا، خەڵکی هەموو شارولادێکان بە هیوای ئەوەبوون کە ڕۆژی سەربەخۆیی نزیک ببێتەوە. ڕاستییەکەشی کاتێ ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان سەددامیان لە کوێت وەدەرناو زەبریان وەشاندە ئەفسەرانی سوپایەکەی سەددام،سەربازی

کوردیش لەناو ئەو سوپایەدا هەبوون. بەڵام زوو ڕیزەکانی سوپای سەددامیان بەجێهێشت. هەموویان دەیانگوت «بۆچی خۆیان بۆ چەوسێنەرێک بەکوشت بدەن؟ بۆچی یارمەتی خوێنڕێژێک بدەن؟» ئەو کوردانە لەشاخەکانەوە بۆ خزمەتی سەربازی ڕاپێچکرابوون تا لە جەنگدا ژیانی خۆیان بۆ سەددام بخەنە مەترسییەوە. ئیتر دەیانویست دژی سەددام خەبات بکەن. نزیکەی هەموو وایان دەویست، ئەحمەدیش وای دەویست. جەبار سەیرێکی ئەحمەدی کرد تا ڕای ئەو بزانێ، لێی پرسی:

«لەپێناوی هەڵەبجە ها؟»

ئەحمەد تەنیا سەری بۆ لەقاند:

«لەپێناوی هەڵەبجە!»

زۆری نەبرد، قارەمانانە، بەدڵێکی پڕ لەهیواوە ڕاپەڕین، کۆنە سروودەکەی کوردانیان کەوتەوە سەرلێو:

«کینە ئەم، ئەمن ئەم کوردن»

پیاوە بەهێزەکەی بەغدا لێیدرا. ئەمانیش دەیانویست ئەوەی ماوە تەواوی بکەن. لە باشوور شیعەکان دژی ئەو چەوسێنەرە ڕاپەڕین، لە باکور کوردەکان دەیانویست سەربەخۆیی

بەدەست بێنن.

بەڵام سەددام هێشتاکە زۆربەهێز بوو، سوپاکەشی هێشتا باشترین جۆری چەکی هەبوو. هەر تەنیا پاش چەندین شەڕی ناو کۆڵانان، کە زیانێکی ئەوتۆی پێنەگەیاندن، ئەحمەد بینی کە پیاوانی سەددام جارێکی تر بەسەرکەوتن و جارێکی تریش دەستی خۆیان بینیەوە، کوردەکانیش وەکو شیعەکان دەبووایە خۆیان ڕزگار بکەن، چونکە نەیان دەویست لە ناو تەڵەی تۆڵە لێکردنەوەیەکی ترسناکدا ببنە قوربانی. حاجی بۆش و هاوپەیمانەکانیشی تەنیا تەماشایان دەکردن. شەڕی کورد و شیعە شەڕی ئەوان نەبوو! ئەوان لە پێناوی نەوتەکە چوونە ناو کوێتەوە، نەوت بەلای ئەمریکییەکانەوە گرنگە، وەک جەبار هەموو جارێ بە تووڕەییەوە دەیگوت:

«کوردستان تەنیا مرۆڤی هەیە«

شوفێری زیلەکە لە پەنجەرەکەوە دەنەڕێنێ «»خوادەزانێ ئێمە نامانەوێ خوێن بڕێژین»

جەبار لەبەر خۆی پێدەکەنێ:

« هەموو بەردەکانتان هەڵدایەوەو هیچتان نەدۆزیەوە، ئێستا خۆڵەکە بە پەنجە بپشکنن»

هیچ یەکێ لە گەنجەکان شتێک نالێت. حەسەنی بچکۆڵە خۆی لە ئەحمەد نزیک دەکاتەوە:
«زۆر هێواش بە«
ئەحمەد دەچرپێنێ و دەستی دەخاتە سەرشانی حەسەنی بچکۆڵە:
«زۆر هێواش بە! ڕەنگە ئەوەی خوارەوە درێژە بکێشێ، گەڕانەوەو بادانەوەی زیلەکە لەو ڕێگایە کارێکی ئەستەمە«
شوفێری زیلەکە جارێکی تریش هۆڕنێکی قایم لێدەدا، بۆ ماوەیەک دونیایەکە کش ومات دەبێتەوە.
«گیزەی میشێکیش نابیستریێ»حەسەن هەر بۆ ئەوەی شتێک بڵێ. بە چرپەوە بە ئەحمەد دەڵێ:
«ترسی ناوێ. یەکێکیان هەر دادەبەزێ» جەبار ورەی گەنجەکان بەرز دەکاتەوە:
«خۆ هەتا هەتایە ناتوانن چاوەڕێ بکەن. ناشتوانن پێ لە بەهرە بنێن. ئەگەر بیانتوانیبووایە، لەمێژبوو ئەوەیان دەکرد»
مستەفای ڕەقەڵە گەرمتر دەکۆکێ، بۆ سەتەمین جار تاڵە پرچەکانی سەر نێوچەوانی لادەدا. ئەمە بۆ ئەو زۆر درێژە دەکێشێ.
سەربازەکانی ناو زیلەکە یەکەو جگەرەیەک

دادەگیرسێنن، بەدەم جگەرە کێشانەوە لەگەڵ یەک دەکەونە ئاخاوتن. مەلیێکی گەورە دادەبەزێتە ئاستی ئەوان، ئەحمەد بۆ ماوەیەک سەرنجی باڵەکانی دەدات:

«چەند ئاسان دەبوو ئەگەر...بەڵام چۆن؟» بۆ دەربازبوون تەنیا دوو ڕێگایان لەپێشە، یەکێکیان بەرەو تورکیا و ئەوەی تریان بۆ ئێران. هەردوو ڕێگاکەش بەناو شاخ و داخەکاندا، بەناو بەفرو سەرمادا تێپەڕ دەبن، برسێتیش وەک هاوڕێیەکی بەردەوام. کەواتە پێویستییان بەم زیلە هەیە، بۆ ئەمەش تاکو ژمارەیەکی زۆر لەخۆیان لەناو نەچن، بەلای کەمەوە دەبێ یەکێ لەو دووسەربازەی خوارەوە بکوژرێ.

مستەفای ڕەقەڵە دەڵێ:

«باشە بۆچی یەکسەر نایانپێکیت؟»

مستەفا کە چیتر ناتوانێ چاوەڕێ بکات «ئەوانە ئێستاکە خەریکی ئاخاوتنن، ئێستا تەواو لەناو نیشانەکەن بۆچی نایانپێکی؟»

جەبار بەژێر لێوەوە پێی دەڵێ:

«چییە؟ دەڵێی هەتاوەکە مێشکی وشک کردووی؟..من ناتوانم هەردووانیان لە یەک کاتدا بپێکم، ڕەنگە هەر کەسیان نەپێکم، پیشەی من

مامۆستاییە، من نیشانشکێن نیم، باشە ئەوکاتە چی دەڵێی ئەگەر بریندارەکە یان ئەوەی تریان یەکسەر سلفی لێداو پێی لە بەهرە نا؟»

مستەفا جارێکی تر بێدەنگ بووەوە، هەڵبەت ئەو نەیدەتوانی لە قرچەی گەرمای ئەو نیوەڕۆیەدا. زیاتر دان بە خۆیدا بگری. هەموو دەیانزانی مستەفا کوڕێکی زۆر ئازایە، بەلاّم لە دان بەخۆداگرتندا بێهێز بوو.

سەربازەکانی ناو زیلەکە بێدەنگ دەبن. جارێکیتریش سەربازی تەک شوفێرەکە سەری لە پەنجەرەی زیلەکە دەردێنی:

«دەی کیژۆڵە ئیتر بەسە! هەڵسەوە ئەگینا بەسەرت دەکەوین. کاتی ئەوەمان نییە سەرتاپای ڕۆژەکە لەسەرتۆ بوەستین»

بەهرە خۆی لە گوورە نابات.

«بەڕاستی کچێکی ئازایە» جەبار دڵی خۆی خۆش دەکات «چەند ژیریشە!»

ڕووی بۆلای گەنجەکان وەردەگێڕێ:

«هەر ئێستا کارەکە تەواو دەبێ، ئەمە دوایین هەوڵیانە»

جەبار قسەکەی تەواو دەکات و ناکات، وشوفێرەکە بەشێوەیەکی کتوپڕ سلف لێدەدا

«دەی باشـە کیژۆڵـە»
لە پەنجەرەی زیلەکەوە هاوار دەکات:
«دیـارە تـۆ لـەوە زیاتـر شـتێکی تـرت ناوێت، خـوات لەگـەڵ»
مستەفا بە ترسەوە هاوار لە جەبار دەکا:
«تەقـەی لێبکـەن! تەقـەی لێبکـەن بـەر لـەوەی کار لەکاربتـرازێ»
جەبار وەڵامی دەداتەوە:
«ئێسـتاکە دەبـێ تەقەیـان لـێ بکرێـت، ئەگینـا مانـای وایـە خیانـەت لەخۆمـان دەکەیـن. بەڕاسـتی وا خەریکـن بەسـەری دەکـەون».
لەسـەرخۆ، زۆر بەهێواشـی، تایـە زەبەلاحەکانـی زیلەکـە بۆسـەر بەهـرە دەخولێنـەوە.
«نا» حەسەنی بچکۆڵە بە هێواشی دەپاڕێتەوە:
«نەکەن!»
حەسـەنی بچکۆلە هێندە هەسـت بەمەترسـی دەکات بۆسـەر بەهـرە، لـە تـاوان فرمێسـک بـە ڕوخسـاریدا دێتـە خـوارەوە. لەوەتـەی بەیەکـەوە لـەم ڕەوەدا ڕادەکـەن، بەهـرە بۆ ئـەم وەک خوشـکێکی گەورەی وایە.
ئەحمـەد دڵـی هێنـدە بـە خێرایـی لێـدەدا وەختـە سـەری لەگـەڵ بسـووڕێ:

«بۆچـی بەهـرە هـەر ئێسـتا خـۆی قیـت ناکاتـەوە؟ کـەس سـوود لـەوە نابینێـت کـە خـۆی بخاتـە ژێـر زیلەکـەوە »

لێـرەوە جارێکـی تـر زیلەکـە دەوەسـتێ. تایـەکان تەنهـا چەنـد سـەنتیمەترێک لـەدووری بەهـرەوە دەوەسـتن. جەبـار بـە دەنگێکـی نـزم دەڵـێ

«من ئەمەم دەزانی».

ئەحمەدیـش هەناسـەی دێتـەوە بـەر. وەک بڵێـی کەمێـک سـۆزی بـۆ سـەربازەکان جووڵابـێ دەڵـێ:

« ئەوانـە بکـوژی بـێ ویـژدان نیـن، ئەگینـا لەمێـژ بـوو پێیـان لـە بەهرەنابـوو»

سـەربازەکان جارێکـی تریـش لەگـەڵ یـەک دەکەونـەوە ئاخاوتـن، ئینجـا کتوپـڕ دەرگای لای نەفـەری زیلەکـە دەکرێتـەوە. سـەربازێکیان دێتـە خـوارەوە.

سـەربازەکە بۆ ماوەیەکی کـەم بە ئەسـپایی گوێ قـوڵاغ دەکا، ، ئینجـا بـە چەکەکـەی دەسـتیەوە بـۆلای بەهـرە هەنـگاو دەنـێ.

ئەحمـەد دەبینـێ چـۆن جەبـار بـە هەناسـە بڕکێـوە، نێوچەوانـی گـرژ دەکاتـەوەو پەنجـە بەدەمانچەکەیـەوە دەنـێ و دەیتەقێنـێ. سـەرنج

دەدا جەبار وەختێ تەقە لەمرۆڤێک دەکات، لەوە ناچێ تەقە لە نیشانەیەکی مقەببا بکات. دەشیزانی دەبێ جەبار ئەو کارە لە ئەستۆ بگرێ، چونکە بۆی نەبوو ژیانی بەهەرە بخاتە مەترسییەوە، هەر یەکسەر چەندین گوللەی تریش بە سەربازەکەوە دەنێ، سەربازەکە لەشوێنی خۆی بەردەبێتەوە سەر ڕێگاکە.

تەقەکانی جەبار دەبن بە ئاماژە بۆ هێرشکردن. ئەحمەدیش وەک هەموو گەنجەکانی تر لە گردەکەوە باز دەداتە خوارەوە. لەوکاتەدا ئەحمەد سەرنج دەدا چۆن هەر لەگەڵ یەکەمین تەقەدا بەهەرە خێرا بە خشکەیی دەخشێت و خۆی لە پەنا بەردێکی گەورە حەشار دەدا. بەمە هێرشەکەیان بۆسەر زیلەکە ئاسانتر دەبێ، چونکە ئەو مەترسییەی لێی دەترسان

ئیتر ڕوونـادا.

مسـتەفا یەکـەم کەسـە دەگاتـە لای زیلەکـە، وەک چـۆن بەڵێنـی دابـوو، یەکسـەر دەرگای زیلەکـە دەکاتـەوەو بـە دەمانچەکـەی هەڕەشـە لـە شـوفێرەکە دەکات:

«دابـەزە، خێـرا دابـەزە» هـاوار دەکات. مسـتەفا بـە چەشـنێک لـە تەنیشـت زیلەکـە دەوەسـتێ کـە ئەگـەر شـوفێرەکە بیـەوێ تەقـەی لێبـکات ئـەوا تەنیا بـەر دەسـت و دەمانچەکـەی دەکـەوێ. بـەڵام سـەربازە شـوفێرەکە لـە پشـت سـووکانەکەوە هیـچ بەرگرییـەک لەخـۆی نـاکات، بەڵکـو یەکسـەر فەرمانەکـەی جەبـار جێبەجـێ دەکات. سـەربازەکە لەترسـان و لەگەرمـان ئارەقـەی دەردەدا، بەڕەنگپەڕیـوی، دێتـە خـوارەوەو لەپێـش زیلەکـە دەوەستێ، نیگاکانی لەسـەر هـاوڕێ کوژراوەکـەی و ئەوگەنجانە ئاڵوگۆڕ دەکات، کە چوار دەوریـان گرتـووە.

بەهرە هاوار دەکات:

«بۆچی یەکسەر ئەو ئیبلیسە گەورەیە ناکوژن؟»

بەهـرە لەپشـت بەردەکـە دێتـە پێشـەوەو ئـەو ترسـە لەخـۆی دادەماڵێنـێ کـە بەدرێژایـی ئەوکاتـە بـە توورەییـەوە لێینیشـتبوو. بـە ڕقـەوە

دەسکی دەمانچەکەی دەکێشێ بە سەربازە چوارشانەکەدا. ئەو دەمانچەیە جەبار دابووی بە بەهرە، تا لەکاتی پێویستدا ئەگەر لەگەڵ یەکەمین تەقە سەربازەکەی نەپێکا ئەوا ئەم بتوانێ بەرگری پێ لە خۆی بکات.
«نا» جەبار بە تکاوە بە بەهرە دەڵێ:
- «ئێمە لە زیلەکە زیاتر هیچی ترمان ناوێ»
- «بەڵام ئەو سەگە دەیویست پانم بکاتەوە»
بەهرە چەند جارێکی تریش دەسکی دەمانچەکە بە سەری سەربازەکەدا دەکێشێ. سەربازەکە بە ترسەوە ڕادەچڵەکێ.
پێش ئەوەی بەهرە بۆجاری سێیەم دەسکی دەمانچەکە بە سەربازەکەدا بکێشێ، ژنێک لەگەڵ منداڵەکانی لە گردەکەوە دێنە خوارەوە، ژنەکە باوەش بە بەهرەدا دەکات، هێواشی دەکاتەوەو دڵی دەداتەوە:
«بەڵام ئەو پێی لێ نەنای، ئەو لە کاتی خۆیدا زیلەکەی راگرت»
سەربازەکە بەرگری لەخۆی دەکا:
«من هەرگیز پێم لەتۆ نەدەنا من خۆم دوو کچ و کوڕێکم هەیە، بەڵام من چیبکەم؟ ئیترئەوە

جەنگـە«
مستەفا دەقیڕێنێ:
«دەمـت بگـرە، هــەی گلاو! جەنگ..جەنگ..بەڵـێ ئـەوە جەنگـە بـەڵام ئێـوە دژی ئێمــە دەجەنگـن! زۆر لەمێـژە ئـەو شــەڕە دەکـەن ، چەندیـن ســاڵە، خـۆ ئـەو شـەڕە هـەر تەنیـا هـی چەنـد هەفتەیـەک و دووان نییـە. ئێـوە دەتانــەوێ لەناومـان ببـەن و ئێمــەش بێدەنـگ بیـن، ئێـوە شــەیتانن، دەبــێ بـە زمـان هەڵواسـرێن تـا بۆگـەن دەبـن»
جەبار قسەکەی مستەفا دەبڕێ:
«بێدەنـگ! هێنـدە کاتمـان نییـە تـا بەفیـڕۆی بدەیـن».
جەبـار بەدەســت و دەمانچەکـەی ئیشــارەت بـۆ ژن و منداڵـەکان دەکات ســواری زیلەکـە بـن، تـا لەپشــتەوە لەنێـوان کارتـۆن و بەرمیلـەکان یـان لەســەر ســەندووقەکە جێگـەی خۆیـان بکەنـەوە. کاتــێ هەمـوو ســەردەکەون، جارێکـی تریـش بـە دەســت و دەمانچەکـەی ئیشـارەت دەکاتـەوە بـەڵام ئـەم جارەیـان بـۆ ســەربازەکە.
سەربازەکە بە زەندەق چوونەوە هاوار دەکات:
« ئەوە چییە؟ دەتەوێ بمکوژیت؟»
جەبار ئەمری پێدەکات

«جلەکانت داکەنە! ئێمە پێویستمان بە جل و بەرگ هەیە، ناو ئەو شاخانە ساردن» سەربازەکە بۆ چەند چاو تروو‌کانێک دوودڵ دەبێ، پاشان بەخێرایی جلەکانی دادەکەنێ. ئەحمەدیش جلەکانی دەبات و سەیری جلەکانی سەربازە کوژراوەکە ناکات. لاشەکەی خەڵتانی خوێن بووە، کەس نایەوێ کراس و پانتۆڵە خوێناوییەکەی لەبەر بکات، بۆیە واز لە جلەکانی ئەو دەهێنن. ئەحمەد جلەکانی سەربازەکە دەداتە ژنەکان و خۆیشی سواری زیلەکە دەبێ. کاتێ لای حەسەنی بچکۆڵە دادەنیشێ، سەیر دەکات حەسەن هێشتا هەر دەگری. بە ئەسپایی دەست دەکاتە ملی حەسەن، ئێستاکە هیچ شتێکی ئەوتۆی نییە حەزبکا پێی بڵێ.

جەبار زیلەکە لێدەخوڕێ، مستەفا لەپێشەوە لەتەکی دانیشتووە. حەسەنی بچکۆڵە جار جار لەپشتەوە لە جامی کابینەی زیلەکە دەدات و ئیشارەت بۆ جەبار و مستەفا دەکات. ئێستاکە ئەوان لە چاوی حەسەنەوە وەک دوو پاڵەوانن بۆ ئەم. ئەحمەد بۆ حەسەن ڕوون دەکاتەوە، کە ئەگەر جەبار سەربازەکەی نەپێکابووایە، لەوانەبوو بەهرەیان بکوشتبووایە. هەروەها

بۆی ڕوون دەکاتەوە کە ئەمان لەهەموو حاڵەتێکدا هەر پێویستیان بە زیلەکە دەبوو. حەسەن ئەوانەی هەموو دەزانی، بەڵام دەیویست جارێکیتریش بۆی ئیسپات بێتەوە. ئێستا حەسەن ئەوە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ گوێی بۆ بگرن باس دەکاتەوە کە زیلەکە بووەتە فەریادڕەسی ئەوان. ئیتر کەس پێویستی بەوە نییە زیاتر بەپێ بڕوا، هەر هیچ نەبێ منداڵە ساواکان ئیتر لەبەر سەرما ڕەق نابنەوە. ژنەکان بەسەر ئیشارەتی سوپاس بۆ حەسەن دەکەن، وەک ئەوەی ئەمیش بەشێک بووبێ لەو قارەمانیەتییە. حەسەن شانازی بەمەوە دەکات.

ئەحمەد هەر دەبێ بیر لەو دوو سەربازە بکاتەوە کە بەجێیان هێشتن. سەربازە شوفێرەکە ناتوانێ لاشەی هاوڕێکەی بباتەوە، دەبێ زۆر مەمنوون بێ ئەگەر بتوانێ بە پێ و تەنها بە جلەکانی ژێرەوەی بگاتە وێستگەی داهاتووی. ئەوە ئەگەر لەڕێگا تووشی کوردەکان نەبێ و بۆیان دەربکەوێ کە لەچی حاڵێکدا بووە، ڕەنگە جارێکی تریش بەگیر بێتەوە.

مستەفا پێی دەڵێت:

«تۆ زۆر بیر لەوانی تر دەکەیتەوە« مستەفای ڕەقەڵە دەیزانی ئەحمەد بیر لەچی دەکاتەوە «بیر لەخۆت بکەرەوە، تۆ هێشتا زۆرت لەپێشە ئەنجامی بدەیت ، ئێستا ئێمە دەبێ بڕوانینە ئایندە، نەک ئاوڕ بۆ ڕابردوو بدەینەوە«

ئەحمەد هەوڵی ئەوە دەدات. بەڵام ئەم مستەفا نیە، تا ڕق و کینەکەی یارمەتی بدات، هەروەها جەباریش نییە تا بزانێ حاڵەتی ناچاری چییە و کاری وەهای بۆ بکات کە دژی سروشتیش بێ.

ئەم تەنیا ئەحمەدە کە خەم لەو دوو سەربازە دەخوات.

حەسەن بە چرپەوە بە ئەحمەد دەڵێ:

-»تۆ دەڵێی چی؟ دەبێ بتوانین بەو زیلە تا سنووری تورکیا بڕۆین؟«

-»بەڵێ بەو مەرجەی ئەگەر بەنزینەکە بەشی ئەوە بکات«

لەم کاتەدا پیرەژنێک بە پرتاوی ئاماژە بۆ ئاسمان دەکات و دەڵێ:

«ئا ئەوەتا» ئەحمەدیش یەکسەر سەیری ئاسمان دەکات و دەم و دەست قیت دەبێتەوە دەڵێ «کۆپتەرە!»

سێ دانە کۆپتەری جەنگی لە یەک کاتدا بە

تەنیشت یەکەوە دەردەکەون!
فڕۆکەوانەکان لەمێژە ئەوانیان کەشف کردووە...
«جەبار! جەبار!» بەهەرە بەو پەڕی شڵەژاوییەوە دەکێشێ بە پەنجەرە بچووکەکەی پشتەوەی زیلەکە:
«بوەستە! دەبێ دابەزین.»
بەڵام زیلەکە ناوەستێ. جەبار وادەزانێ حەسەنی بچکۆڵەیە. بەهەرە جارێکی تر لە پەنجەرەکە دەدات. ئەحمەد خێرا خۆی لەسەر لێواری زیلەکە دەچەمێنێتەوەو بە دەمانچەکەی لە پەنجەرەی لای راستی زیلەکە دەدا. مستەفا بە توورەیی جامی پەنجەرەکە دێنێتە خوارەوە سەر بۆ ئەحمەد بەرز دەکاتەوە:
- «ئەوە چییە؟ ئەگەر خۆتان پێ ڕاناگیرێ خۆ فڕێدەنە سەر جادەکە»
ئەحمەد دەڵێ:
-»کۆپتەرە..کۆپتەر»
بەڵام هەر ئەوکاتە جەبار تەیرێکی زەبەڵلاحی لەسەرووی سەری ئەحمەدەوە دێتە بەرچاو. بەهاوارەوە شتێک بە جەبار دەڵی و دەرگاکە دەکاتەوە و خۆ هەڵدەداتە سەر جادەکە، هەرچەندە زیلەکە بە ئاستەم خێرایی کەم

کردۆتـەوە، ئەحمەدیش لـەوە زیاتـر ناوەستێ دەسـتی حەسـەن دەگرێـت و لەسـەر لێـواری زیلەکـەوە خـۆ هەڵدەدەنـە خـوارەوە تـا قەراخـی ڕێگاکـە خلـۆر دەبنـەوە و زۆر خـراپ بـەر جادەکـە دەکـەون.
ئەحمـەد یەکسـەر حەسـەنی گێژبـوو لـەو تـرس و شـڵەژانە کتوپڕییـە ڕادەکێشـێتە پشـت چیمەنێکـی نیمچـە وشـکهەڵاتووی نزیکیانـەوە کە دەکەوێتـە پشـت هەڵدێرێکـی بەردینـەوە.
لەوکاتـەدا زیلەکـەش ڕادەوەسـتێ، ژن و منداڵەکانیـش هـەوڵ دەدەن خۆ ڕزگار بکـەن بەڵام کاتەکـە درەنگە.
ئەحمـەد دەبینـێ سـێ بۆمـب لـە کۆپتەرەکانـەوە هەڵدەدرێنـە خـوارەوەو کۆپتـەرەکان بـا دەدەنـەوە، کتوپـڕ هەمـوو شـوێنێک گـڕ دەگـرێ، زیلەکـە، چیمەنەکانـی سـەر جادەکـە، چەنـد درەختێکـی وشـکی بەسـەریەکدا چەمـاوە، هەمـوو ئاگـر دەگـرن.



«جەبار» ئەحمەد بانگی دەکات، بەڵام کت و پڕ مستەفا لە تەنیشتییەوە پەیدا دەبێ «خێرا ڕاکە« مستەفا بەسەر ئەحمەددا دەقیڕێنێ «خێرابە ڕاکە خێرا.. ئێستا کۆپتەرەکان دەگەڕێنەوە« ئەحمەد بە پشووسواری بەدوای مستەفادا بەسەر شاخەکە هەڵدەگەڕێ بێ ئەوەی ئاوڕی دواوە بدەنەوە. حەسەنی بچکۆڵە هێشتا بەتەواوی نازانێ چی بەسەردێ، ئەحمەد دەستی گرتووەو لەگەڵ خۆی ڕایدەکێشێ، وەختێکیش توانای نامێنێ مستەفا دەستی دەگرێ. ئەو سێ کوڕە بەیەکەوە بەسەر شاخەکەدا هەڵدەگەڕێن. گرنگ نیە بۆ کوێ، گرنگ ئەوەیە دوور بکەونەوە، تەنیا دوور بکەونەوە، دوور دوور.

ئەحمەد نازانێ چەند بە پێ ڕۆیشتوون. وەک بە بیری دێتەوە لەڕاددەبەدەر ڕۆیشتوون. ئەم گەنجانە پشوو نادەن هەتا دەگەنە کەلێنە شاخێکی وەها کە بتوانن خۆیان لە پشتییەوە حەشار بدەن. ئێستا جادەکە زۆر لەخوارەوەی ئەمانە، تا ئێستاش زیلەکە هەردەسووتێ و دووکەڵە بۆن ناخۆشەکەی گەیشتۆتە ئاستی ئەمان. مستەفا بە هەناسە سوارییەوە دەڵێ:

«بۆمبی فۆسفۆڕ بوون..ئەو بۆمبانە بۆمبی فۆسفۆڕ بوون»
پاشان کتوپڕ لەتووڕەیی و بێدەستەڵاتییان لە پرمەی گریان دەدات:
«ئەو خوێن ڕێژانە هەموویان ئیبلیسن، ئەوانە دەبێ هیچیان نەمێنن»
ئەحمەد تەنیا بیر لە جەبار دەکاتەوە:
«جەبار!»
هەڵبەتە ئەو برادەرە نەیتوانیوە لەکاتی خۆیدا لە زیلەکە دەربچێ. جا چۆن دەیتوانی لە کاتێکدا شتەکان ئەوها کتوپڕ بەخێرایی ڕوویاندا، کەسێکیش لێرەو لەوێ نییە بینیبی چۆن توانیویەتی خۆی ڕزگار بکات.
حەسەنی بچکۆڵەش بەوپەڕی بێدەنگی لەبەر خۆیەوە دەگری. وەک ئەوەی دڵدانەوەکانی پێشووی هەمووی وەک هەڵخەڵەتاندن بووبن و ئێستا بۆی ئاشکرا بووبێ.
ئەحمەد ناگری. ئەو بەر لەسێ ساڵ لە هەڵەبجە نەیتوانیبوو بگری، ئێستاش ناگری.
مستەفا دەیەوێ بزانێ، لێی دەپرسێ:
«دەمانچەکەت هەر لایە؟»
ئەحمەد تەنیا سەر ڕادەوەشێنێ.

«سوپاس بۆ خوا»
هێندە بە توندی تفێک فڕێ دەدا، وەک ئەوەی بیەوێ هەموو تووڕەییەکانی خۆی دەرهاوێژێ.
«من دەمانچەکەی خۆمم لەسەر دەشبوردی زیلەکە دانابوو، پێڕانەگەیشتم بیخەمەوە بەر پشتم، چونکە لەوانەبوو منیش بسووتابوومایە«
سووتان! ئەم وشەیە جارێکی تر ئەحمەد دەگەڕێنێتەوە سەر ئەو حاڵەتەی کاتی خۆی لە هەڵەبجە هەستی پێکردبوو»هەست بە ساردییەک دەکات، وەک ئەوەی لە جیاتی خوێن ئاو بە دەمارەکانیدا بگوزەرێن.
مستەفا بە ئەحمەد دەڵێ:
«باشتر نییە من بیبەم؟ هیچ نەبێ من چەند ساڵێک لە تۆ گەورەترم»
مستەفا بە ئەسپایی ئەمە دەڵێ و مەبەستی لە دەمانچەکەیە.
ئەحمەد یەکسەر دەست لەسەر گیرفانی شەرواڵەکەیدا دەنێ. هەرگیز ئەو دەمانچەیە ناداتە کەس، ئەو دەمانچەیە لە ئێستاوە بۆ ئەم وەکو سەر و قاچی، وەکو دڵی وایە.
شەوان ئەو شاخانە سارد دەبن، ئەو سێ لاوە خۆ دەدەنە پاڵ یەکتری تا گەرمیان بێتەوە،

حەسـەنی بچکۆڵـە دەخەنـە ناوەڕسـتی خۆیانـەوە، تـا زۆرتـر گەرمـی بەربکـەوێ. تـا تاریـک دادێـت دەبـێ لـەو شـاخ و داخانـەدا بەپـێ بـڕۆن، هیـچ شـوێنێکی دیاری کراویشیان نیـە، تەنها دەیانـەوێ خـۆ لەبەرچـاوان بزربکـەن.

« حەسەنی بچکۆڵە بە چرپەوە دەڵێ:

«ئەگـەر جەبـار سـەربازەکەی نەکوشـتبووایە «لەوانەبـوو ئەوەیـان لەگـەڵ ئێمـە نەکردبووایـە«

ئەحمـەد نایـەوێ لەوبارەیـەوە شـتێک بڵـێ. مسـتەفاش هەتـا تێپەڕینـی کاتێکـی زۆر وەڵام ناداتـەوە:

«بچکۆڵ! ئەمـان هـەر ئەوەیـان لەگەڵ دەکردین» بـە تـاڵاوەوە دەیڵـێ «بـەم چەشـنە یـان بـە چەشـنێکی تـر»

-»جا بۆچی؟»

حەسەنی بچکۆڵە دەیەوێ بزانێ:

- « بۆچی هەروا لەگەڵ ئێمە دەکەنەوە؟»

ئەمـە هەمـان ئـەو پرسـیارە بـوو کاتـی خـۆی ئەحمـەد لـە هەڵەبجـە دەیپرسـی.

بەدەنگێکی نزم لەجیاتی مستەفا وەڵام دەداتەوە:

«چونکـە ئێمـە کوردیـن، تەنهـا لەبـەر ئـەوەی کوردیـن و سـەربەخۆیی خۆمـان دەوێ» جەبـار

ئـاوا وەڵامـی حەسـەنی دەداتـەوە ئـەوەش ڕاستییەکەبوو.

لەگـەڵ تاریـک و ڕوونـی بەیانـی، بەبـێ خـەو، بـە برسـێتی، بەغـەم و پەژارەیەکـی زۆر، دەسـت بـە ڕۆیشـتن دەکەنـەوە. ئەحمـەد وای بـۆ دەچـێ وەک ئـەوەی ئیتـر ڕاکردنەکەیـان هیـچ مانایەکـی تـری نەمابـێ. ئـەی دەیانـەوێ بەپێیـان و بەبـێ خـواردن بۆکوێ بڕۆن؟ خۆ ناتوانن تـا سنووری تورکیـا بـڕۆن، کەواتـە ئێسـتا تەنیـا بۆیـان هەیـە دەسـتبەرداری خۆیـان ببـن و بمـرن.

ئـەوە مسـتەفایە لەپێشـیانەوە دەڕوات، مسـتەفا! کە پڕە لـە تووڕەیی و ڕق و کینـە، بـەردەوام پلانی تـازەی تۆڵەسـەندنەوە دادەڕێـژێ. ئـەو دەڵـێ لـە

ئێستاوه دەبێ پیاوکوژەکانی سەددام ڕاو بکات، لە ئێستاوه بەدرێژایی ژیانی. دەبێ لەسنووری تورکیاوه خۆی لە پاسەوانەکانی سنوور نزیک بکاتەوەو یەکە یەکە بیانکوژێ. «دەبێ زەلیل بکرێن، دەبێ بۆ ژیانیان بپاڕێنەوە، لەوە زیاتر باوەڕم بە هیچی تر نیە، چیتر وشەی بەزەیی لای من مانای نییە»

حەسەنی بچکۆلە بە شێنەیی گوێ بۆ قسەکانی مستەفا دەگرێ. زۆر سەری بۆ دەلەقێنێ.

«بەڵێ، نابێ بەزەیی بەو ئیبلیسانەدا بهێنرێتەوە. زۆر شتێکی باشە کە مستەفا ئاوها بەهێزە«

لەنێو گەرمای ئەو نیوەڕۆیەدا کۆپتەرێک بەدی دەکەن. کۆپتەرەکە بە تێکشاکاوییەوە دەکەوێتە سەر زەوی. مستەفا یەکسەر تەماشای زەویی خوارەوەی شاخەکە دەکات، ئەحمەد و حەسەنیش لەگەڵ ئەم سەیری دەکەن.

حەسەن دەچرپێنێ

«لەوانەیە فڕۆکەوانەکە لە ناو کۆپتەرەکە شتێکی بۆ خواردن پێبێ «

لای ئەو برسێتی بەر لەهەموو شتێکەوە بوو.

–»پێناچێت هیچ شتێک لەو خواردنە مابێتەوە»

مستەفا دەچرپێنێ:

«سەیرکە! ڕەنگە ئەو کۆپتەرە خۆی بە لاپاڵی شاخێکدا کێشابێ و تێکشکابێ و کابینەکەی گڕی گرتبێ»

ئەحمەد دەڵێ:

«بەلام لەوانەیە فڕۆکەوانەکە هێشتا زیندووبێ»

ئەحمەد هیوای ئەوە دەخوازێ.

مستەفا بە زەردەخەنەوە پێیان دەڵێ.

«دەڵێن چی بچین سەیری بکەین؟»

پێش ئەوەی ئەحمەد وەلام بداتەوە، حەسەن جارێکی تریش بە هێواشی دەڵێ:

«هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لەوانەی بۆمباکانی هەڵدایە خوارەوە«

بە دەم و چاوی شێوەی قێز لێبوونەوە نیشان دەدا.

مستەفا سەری دەلەقێنێ:

«لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە بۆمبی فڕێداوە ، جا بۆسەر ئێمەش نەبووبێ هەڵیداوەتە سەر خەڵکی تر» لێرەوە داوای دەمانچەکەی ئەحمەد دەکات.

-»دەمانچەکەت بۆ چییە؟».

-»لەوانەیە پێویستمان بێت تەقەی پێ بکەین»

ئەحمەد بۆ ماوەیەکی کورت بیر دەکاتەوە:

«تۆ وادەزانی من دەترسم؟»

پاش ئەو هەمووەی ڕوویدا دەبێ بۆچی ئیتر دەست لە تەقەکردن بپارێزی؟

مستەفا سەیرێکی ئەحمەد دەکات و شانی هەڵدەتەکێنێ:

«دە باشە مادام دەمانچەکە سوار بکەو بیگرە بە دەستتەوە. ئەحمەد وا دەکات و بەرەو لای کۆپتەرەکە شۆڕ دەبنەوە. حەسەن لەدوورەوە دەمێنێتەوە، لە کاتی شەڕدا بچکۆڵەی ئاوەها دەبێتە مایەی بێزاری.

ئێستا کە هەر تەنها لە دووری چەند مەترێکەوەن لە کۆپتەرەکە، دەنگی ناڵەناڵێک دێتە بەرگوێیان. دەم و دەست بێدەنگ دەبن.

ئەحمەد بە هێواشییەوە دەچرپێنێ:

«ئەوە بریندارێکە« جگە لەو ناڵە ناڵە هیچ دەنگێکی تر نابیستن. زەحمەتە بریندارێک خۆی لەگەڵ ئەواندا بخاتە شەڕەوە.

«کێ دەزانێ» مستەفا بە ئەسپاییەوە دەڵێ:

«کێ دەڵێ ئەمە فێڵێک نیە، لەوانەیە دوو یان سێ کەس لە کۆپتەرەکەدا بووبن»

«جا ئێستاکە چی بکەین؟»

مستەفا فرمان دەدات

«با چاوبگێڕین» و بە سکەخشی دوور دەکەوێتەوە.

تەنها تاقە سەربازێک دەبینن. سەربازەکە چەند مەترێک لە دووری کۆپتەرەکەوە کەوتۆتە سەر پشت و بە دەستەکانی سکی خۆی دەپەستێ جار جارە بە دەنگێکی بەرز دەناڵێنێ. کۆپتەرەکە بە چەشنێک تێکشکاوەو ئاگری تێبەربووە، ناشێ کەسی دیکەی بە زیندوویی لێ رزگار بووبێ. مستەفا هەڵدەستێتەوەو بە خۆ چەماندنەوە بۆلای فڕۆکەوانەکە دەچێ. ئەحمەدیش لە دووایەوە دەڕوات تا بەجارێک وەک کەسێکی شەپڕە لێدراو لەشوێن خۆی دەوەستێ. خوێن لە سکی فڕۆکەوانەکە دێتە خوارەوە و تەواویش هۆشی لەخۆیەتی. بە چاوێکی شێواوەوە سەیرێکیان دەکات، بەڵام وادیارە نە دەتوانێ سەرهەڵبڕێ نە دەشتوانێ هەڵسێتەوە.

مستەفا زۆر نزیک لە فڕۆکەوانەکە وەستاوە. بە ڕقەوە چاوی تێدەبڕێ. کاتێ فڕۆکەوانەکە سەرلەنوێ لەبەر ئێش وئازار دەناڵێنێ، ئەم ڕووی بۆلای کۆپتەرەکە دەسووڕێنێ جارێکی تر سەیری فڕۆکەوانەکە دەکاتەوە. بە فڕۆکەوانەکە

دەڵێ:

«تۆ سەر بەوانەی کە زیلەکەیان بۆردومان کرد؟ ها؟»

فڕۆکەوانەکە کەمێک چاوی دەکاتەوەو دایدەخاتەوە، بەبێ ئەوەی وەلآم بداتەوە. مستەفا پێ لە کەلەکەی فڕۆکەوانەکە دەژەنێ، بەلآم فڕۆکەوانەکە هەر تەنیا ئاخ و ئۆف دەکات.

«وەلآم بدەرەوە هەی زۆڵ، ئێمە بەزەییمان بە تۆدا نایەتەوە، وەک چۆن ئێوە بەزەییتان بە ئێمەدا نایەتەوە«

فڕۆکەوانەکە جارێکی تر چاو دەکاتەوەو سەری شۆڕ دەکاتەوە.

مستەفا کەمێک بیر دەکاتەوە، ئینجا فرمان بە ئەحمەد دەدا:

- «بیکوژە، ئەوە شایستەی کوشتنە»

-»چی؟» ئەحمەد بە گومانەوە لە مستەفا ڕادەمێنێ.

-»تۆ خۆت وتت، دەیتەقێنی، دە کەواتە بیتەقێنە«

مستەفا دەنگی هەڵدەبڕێ:

- «یان دەمانچەکە بدە بە من، من تۆڵەی خەڵکەکانی خۆمان دەکەمەوە«

ئەحمەد تووشی دوودڵی دەبێ. کاتێ بەڵێنی

دابــوو تەقــە بــکات، هەرگیــز بیــری لــە پێکاندنــی برینداریــک نەکردبــووەوە. ئــەو مەبەســتی چوونــە شــەڕ بــوو، نــەک ئیعــدام کــردن. مســەتەفا بەتەواوەتــی ئــەوە دەزانــێ. بــەڵام ئــەو پیــاوەی وا ئێســتا بــە نیــگای پاڕانــەوە تێیاندەڕوانــێ، هیــچ ڕێگــری لــە خــۆی کــرد تــا بۆمبــەکان فــڕێ نەداتــە خــوارەوە؟ لەکاتێکــدا بــە تــەواوی لێــی ڕوون بــوو کــە زیلەکــە پــڕ لــە ژن و منداڵــە. ئــەی ئــەوەی بۆمبــی کیمیایــی بەســەر هەڵەبجــەدا بەردایــەوە؟ هیــچ ڕێگــری لــە خــۆی کــرد تــا خێزانەکــەی ئــەم لەنــاو نەبــات؟ ئەحمــەد دەیتوانــی دەمانچەکــە بداتــە مســتەفا، بــەڵام جیــاوازی چییــە لەنێــوان ئــەوەی خــۆی بیپێکــێ یــان دەمانچەکــە بداتــە مســتەفا؟

-»دە بیکــوژە دەی!» مســتەفا هــاوار دەکا، «تــۆ تەنهــا چاکەیەکــی لەگەڵــدا دەکــەی، ئــەو واش نەبــێ هــەر دەتۆپــێ»

ئەحمــەد هەناســەیەکی قــووڵ هەڵدەکێشــێ و دەمانچەکــە ئاراســتەی پشــتی ســەری ســەربازەکە دەکات. ئینجــا چاوەکانــی دادەخــات و پەنجــەی پێوەدەنــێ. لەبەرخۆیــەوە دەڵــێ لەپێنــاوی جەبــار، لــە پێنــاوی دایــک و بــاوک و خوشــک و براکانــی، لــە پێنــاوی هەمــوو هەڵەبجــە، لــە پێنــاوی هەمــوو گەلــی

کورد. گرمەی تەقەکە لەشاخەکانەوە دەنگ دەداتەوە، هەناسە کورتەکانی بەر لە تەقەکە ئەحمەد دێنێتەوە هۆش خۆی، بەترسەوە چاو دەکاتەوەو سەیری سەربازە کوژراوەکە دەکات کە وەک جاران لەوێ کەوتووە، تەنیا کەمێک سەری بەلادا شۆڕبۆتەوە و دەستەکانیشی لەسکی هاتوونەتە خوار.

«زۆر باشە« مستەفا بە دڵخۆشییەوە پێی دەڵێ «بەڵام من درۆم لەگەڵدا کردی: چونکە ئەو هەڵێکی بۆ ژیان هەبوو، لەوانەیە هاوڕێکانی لەمێژە بەدوایدا بگەڕێن»

ئەحمەد خۆیشی بیری لەمە دەکردەوە. ئەم سەربازەکەی کوشت، چونکە لەدوای هەموو ئەو شتانەی ڕوویاندا دەبووایە ئەمە بکات. بەڵام ئەم لەئێستاوە دەزانێ، جارێکی تر هەرگیز کاری وەها ناکات. ئەحمەد بە بێدەنگی دەمانچەکە دەداتە مستەفا.

مستەفا بە پێکەنینەوە لێی وەردەگرێ، وەک ئەوەی ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراوبێ لەلای:

«ئەوە هێندە ئازاری دای خوێنرێژێک ئیعدام بکەیت؟» سەری دەلەقێنێتەوە «هەر لەبەر ئەمە تۆ هەرگیز نابیت بە پێشمەرگە« (پێشمەرگە

ناوی خەباتکارانی کوردە، بەواتای ئەوانەی ڕووبەڕوو مەرگ دەبنەوە)

ئەحمەد هەرگیز نەیدەویست ببێتە پێشمەرگە. جەبار پێشمەرگە بوو، مستەفا پێشمەرگەیە. ئەحمەد هەر تەنیا پازدە ساڵە، ئەوا مرۆڤێکی کوشت. ئەم خەم لەوە ناخوا کە زۆر خراپتر لە خۆی قەوماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شانازی بەمەوە ناکات. تەقاندنی ئەو گوللەیە بەرەو کۆتایی چوون بوو، نەک بەرەو دەستپێکردنێکی تازە.

جارێکی تریش هەرسێ گەنجەکە تا ئێوارە دەست بەڕۆیشتن دەکەنەوە، جارێکی تریش شەوان لەپاڵ یەکتری لە کەلێنە شاخەکاندا دەخەون. هەڵبەتە چیتر قسە لەگەڵ یەکتری ناکەن. ئەحمەد کڕو بێدەنگ واز لە هەموو ئاخاوتنێک دێنێ.

بەڵام دەبێ باسی چی لەگەڵ یەکتری بکەن؟ باسی ئەو برسێتییەی هەناویان دەکۆڵێ؟ باسی ئەو غەم و پەژارەیەی ئازایەتییان لێ زەوت دەکات؟ باسی ئەو شانسەکەمەی بەزیندوویی مانەوەیان لەو ڕاکردنەدا؟ ئەوەی ڕوویدا، تازە ناگۆڕێ، باسکردنیشی باریان قورستر دەکات.

ئەو هەموو خەڵکەی لەم چەند رۆژەی دواییدا مردن، بۆ ئەمانیش لەگەڵیاندا نەمردن؟ باشتر نەبوو ئەمانیش بەچارەنووسی خۆیان بگەن؟

هەڵبەتە ئەو سێ گەنجە بەخت یاوەریان بوو. ئێوارەی ڕۆژی دوایی دەگەنە کاروانێک لە خەڵکی ڕەوکردوو کە ئەوانیش دەیانەوێ بەرەو سنووری تورکیا بڕۆن. لەوانەوە خواردن و خواردنەوەیان دەست دەکەوێ و دەتوانن لە تەنیشت ئەو ئاگرەش بخەون کە پیاوانی کاروانەکە بۆ ژن و منداڵەکانیان هەڵیانگیرساندبوو.

بەیانی ڕۆژی دواتر مستەفا باسی بۆردومانکردنی زیلەکەو ئیعدامکردنی فڕۆکەوانی کۆپتەرەکەیان بۆ دەکات. هەموو دەڵێن ئەحمەد کارێکی ڕاستی کردووە. بەڵام ئەحمەد هیچ قسەیەک ناکات. ئەو خۆی وای دێتە بەرچاو کە شایانی ئەو فریاکەوتنە نەبێت. ئایا دادپەروەرانەتر نەبوو ئەمانیش وەک ژن و منداڵەکانی ناو زیلەکە لەناوبچووبوونایە؟

ئەحمەدیش بەلای حەسەنی بچکۆڵەوە پاڵەوانێکە وەک جەبار یان وەک مستەفا. زۆر بەشان و باڵی قارەمانێتییەکەی ئەحمەددا هەڵ دەدا. ئەحمەد زۆر دوورەپەرێز بە بێزارییەوە لەگەڵ خەڵکەکە دەڕوات. کاتێ دەگەنە سنووری تورکیاو لەوێوە ڕێگری چوونە ژوورەوەیان لێدەکرێ، ئەم وادەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی دووراو دوور لە گەڵ نارەزایەتیی و تووڕەیی ژن وپیاوەکاندا بێ. ئەحمەد وەک هەموو ئەوانی دیکە، لە نێو سەرماوسۆڵەی شاخەکانی سەرسنوور سەرمای دەبێ، برسی دەبێ، مردنی منداڵە ساواکان دەبینێ. کاتێ خۆراکیش لە فڕۆکە ئەمریکییەکانەوە بۆ خەڵکەکە هەڵدەدرێتە

خـوارەوە، ئـەم لەسـەر وەرگرتنـی خۆراکەکـە لەگـەڵ خەڵکەکـە ناکەوێتـە شـەڕو ململانـێ. حەسـەنی بچکۆڵـە زەحمەتییەکـی زۆر دەبینـێ و دەکەوێتـە بـەر پاڵنانـی ژن و پیاوەکانـی تـرەوە تـا بتوانێ کەمێک خـۆراک بـۆ خـۆیان دەسـت بخـات، ئەگـەر مسـتەفا نەبێ کـە نـاوە نـاوە شـتێکیان بـۆ پەیدا بکات، ئـەوا دەبێ هـەر بـە برسـێتی بمێننـەوە.



بەڵـێ ئەحمـەد نایـەوێ هیـچ بخـوات. هەمـوو جارێـک بەشـەکەی خـۆی دەداتـە حەسـەن. حەسـەنیش بـۆ ماوەیەکـی درێـژ لـەوێ دایدەنـێ، ئیتـر بـەر لـەوەی لێـی ببـەن دەیخـوات.

کاتـێ سـەرکردەکانی کـورد لەگـەڵ حکومـەت لـە بەغـدا کێشـەی گەڕاندنـەوەی خەڵکـە

ڕەوکردووەکەیـان بـۆ جێگاو ڕێگای خۆیـان خسـتە ژێـر تاووتوێکـردن، حەسـەن هێنـدە لاواز و بێتاقـەت بـوو بـوو، کـە دەبووایـە حەسـەن و مسـتەفا بەیەکـەوە هەڵیگـرن. مسـتەفا هەمیشـە سـەرکۆنەی دەکـرد:

«هیـچ ناخۆیـت، هیـچ ناڵێیـت» مسـتەفا جـار لـە دوای جـار دەیبۆڵاند.»پێـم بڵـێ چـی قەومـاوە؟ تـۆ خوێنڕێژێکـی نیوە مردووت کوشتووە، کە ئەگـەر ئەو بۆی ڕێککەوتبووایە تۆی دەکوشت. تۆ خـەم لـە خۆت دەخۆی یان لـە مـردووەکان؟»

ئەحمـەد نـە خـەم لـە خـۆی نـە لـە مـردووەکان ناخـوات. ئەحمـەد چیتـر خـەم ناخـوات نـە بـۆ خێزانەکـەی، نـە بـۆ جەبـار نـە بـۆ ئـەو خەڵکـەی لەنـاو زیلەکـە لەنـاو چـوون. ئـەم وای دەزانـی کەوتۆتـە نـاو چاڵێکـی زۆر قـووڵ و زەبەڵـلاح، بەچەشـنێک کـە ئیتـر ناتوانـێ لێـی بێتـە دەرەوە. ئـەم پێـی وابـوو خـواردن لـەو چاڵـەدا شـتێکی ناماقووڵـە. هەروەهـا ئاخاوتنیش هیـچ مانـای نیـە.

مسـتەفا بـەو نزیکانـە وازی لێدەهێنـێ، زۆریشـی پـێ سـەیرە کـەوا ئەحمـەد هەتاکـو ئێسـتاش هـەر دەژی. بـەڵام حەسـەن وازی لێناهێنـێ. بـەردەوام هـەوڵ دەدا بیدوێنـێ و بێدەنگییەکـەی

بشکێنێ. حەسەن لەمەدا سەردەکەوێ، دوای ئەوەی ئەحمەد دەبینێ کەوا حەسەن زیاتر لە مستەفا ئاوڕی لێدەداتەوە و خەمی لێدەخوات. حەسەنیش کە وەکو ئەم کەس و کاری نەمابوو، پێویستی بە جەبارێک هەبوو نەک بە مستەفایەک. سەر ئەنجام ئەحمەد بەبێ ئەوەی حەزیش بکات داوا لە حەسەن دەکات شتێکی بداتێ بیخوا، ئەم هاوڕێ بچکۆڵەیەش هەرچی هەیەتی بە لە پێشی دادەنێ. دڵخۆش دەبێ بەوەی کە سەرئەنجام توانی شتێک بۆ ئەحمەد بکات.

ڕوونکردنەوەیەک بە قەڵەمی نووسەر:

ڕووداوەکانی ئەو چیرۆکە لە بەشی کوردستانی عێراقدا ڕوویانداوە. کوردستان ئەو وڵاتەیە هەرگیز دەوڵەتی فەرمی نەبووە. لە تورکیا ١٢ملیۆن و لە ئێران ٥ ملیۆن و لە عێراق ٤ ملیۆن و لە سووریا ملیۆنێک کورد دەژین. (ئەو ژمارانە هی سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوون، کە ئەوکاتە بەم چەشنە تەخمین دەکران . بەلام هەڵبەتە ئەو ژمارانە ئێستا زۆر

زیاتـر بوونـه لـەم وڵاتانـه -و-) هەریەکـه لـەو وڵاتانه بەشێکی کوردستانی داگیرکردووه. کورد کـه یەکێکن لـه کۆنترین نەتەوەکانی سـەر ڕووی زەمیـن، وەک کەمینـه بـەو وڵاتانـەوه لکێنـراون و دەچەوسێنرێنەوه.

کـورد لەسـەدەکانی ڕابـردووەوه بـەردەوام دژی چەوسـاندنەوه ڕاپەڕیـون و ڕاپەڕینەکانیشـیان هـەر شکسـتی هێنـاوه. لـەم سـەدەیەی ئێسـتاماندا کـورد لەعێـراق بـه دڕاندانەتریـن شـێوه پەلامـار دراوه. لەسـاڵی ١٩٦٨ -لەوسـاڵەی ڕژێمـی بەعـس هاتـه سـەر حوکـم- هەتـا سـەرەتای ١٩٩١ بـه تەنیا لـەم وڵاتـەدا نزیکـەی دووسـەد هـەزار کـورد لەنـاو بـراون. خراپترین پەلاماریـش بـۆ سـەر کوردەکانـی عێـراق لـه سـاڵی ١٩٨٨ ڕوویـداوه. لـەم سـاڵەدا بـه بیانـووی ئـەوەی کـەوا زۆر لـه کـوردەکان پشـتیوانی ئێرانـی دوژمـن بـه عێـراق دەکـەن لـه جەنگـدا، سـەددام حوسـێنی دیکتاتـۆر هەڵسـا بـه خاپوورکردنـی پێنج هـەزار گونـد و شـارۆچکەی کـوردی و بەشـی هـەره زۆری دانیشتوانەکانیشـی لەنـاو بـرد. ئەوانـی تریشـی هەمـووی بـۆ باشـووری عێـراق گواسـتەوه.

لـه ناوەڕاسـتی ١٩٩٠ عێـراق وڵاتـی کوێتـی لـه

پێناوی نەوتە زۆرەکەی داگیر کرد. کوێت بچکۆڵە یە بەڵام وڵاتێکی کەنداوی زۆر دەوڵەمەندە بە نەوت. ئەو داگیرکردنە وای لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کرد لە مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٩١ جەنگێک دژی عێراق بەرپا بکەن. دەبوایە زەبرێکی کوشندە لە سوپاکەی سەددام بدەن تا لە مانگی ئاداری١٩٩١ لە کوێت وەدەری بنێن. کوردەکانی عێراق هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە سەددامی دیکتاتۆر لەوشەڕەدا زۆر لاواز بووە، بۆیە هەلێکی باشیان بۆ هاتوتە پێشەوە تا پەلاماری بدەن. کوردەکان دژی دارو دەستەکەی ڕژێم ڕاپەڕین. شیعەکانیش کە پێکهاتەیەکی تری ڕاوەدوونراون لە خوارووی عێراق، لە هەمان کاتدا ڕاپەڕین. بەڵام دارو دەستەکەی سەددام هێشتا زۆر بەهێزتربوون لە حاڵی خراپی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە، کە لەدەرەوە کۆمەک نەدەکران، بە پێچەوانەی پرۆسەی ئازادکردنی کوێت، وەک کێشەیەکی ناوەکی عێراق مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینەکرا. جارێکی تریش کورد کەوتنەوە بەر هێرشی خوێناوی جەللادەکانی سەددام. تاکە ڕێگای ڕزگار بوونیش تەنیا ڕاکردن بوو بەرەو تورکیا یان ئێران. بەڵام ئەو ڕێگایە بەناو

سەرما و سۆڵەی شاخ و داخە سەختەکاندا دەڕۆیی. کاتێ حکومەتی تورکیا ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی خەڵکە ڕاکردووەکە کرد، هەزاران کەس دەبووایە لەناو ئەو شاخ و داخانەدا بمێننەوە، نەیاندەویست بکەونەوە بەردەستی ڕاوەدوونەرێنەکانیان. ئیتر کارەساتێک دەستی پێکرد لەباس کردن نەدەهات. هەرچەندە زۆرلە وڵاتان ویستیان یارمەتییان بدەن، بەڵام خەڵکێکی بێ ژمار لە سەرمان، لە بێهێزییان، لە برسان مردن. پاش چەند هەفتەیەک لەم مەرگەساتە و لەژێر پاڵەپەستۆی وڵاتانی دونیا، ئینجا حکومەتی بەغدا هاتە سەر ئەوەی کێشەی گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکە بۆ سەر جێگا و ڕێگای خۆیان لەگەڵ سەرکردە کوردەکان چارەسەر بکات، لەو میانەدا حکومەتی عیراق ئامادەیی خۆی نیشاندا تا باس لە چارەسەری کێشەی کەمینەی کورد بکا لەعێراق.

کلاوس کۆردۆن-١٩٩١

کلاوس کۆردۆن ڕۆماننووسێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە، ساڵی ١٩٤٣ هاتۆتە دونیاوە. زۆر بایەخی بە ڕۆمان و چیرۆکی لاوان داوە، زۆر شتی بۆ منداڵانیش نووسیوە بۆیە لای نەوەی نوێی ئەڵمانی زۆر ناسراوە.

لەم چیرۆکەدا لە کۆمەڵێک منداڵ و لاوی هەڵەبجە دەدوێ، کە لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دا تووشی چ دەردەسەرییەک دەبن و چەند قارەمانانە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان دەبنەوە.

کلاوس کۆردۆن لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ماهییەتی ئاشتیخوازانەی مرۆڤی کورد نیشان دەدات، ئەوە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤی کورد هەرگیز شەڕخواز نەبووە بەڵکو لەپێناوی ژیانێکی سەربەرزانە لەسەر خاک و نیشتیمانی خۆی شەڕی بەسەردا سەپێندراوە.

ئیتر ئەوە جەنگە

کلاوس کۆردۆن

ـ لە سەر ئەرکی بەڕێز ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە چاپکراوە.